# هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە وچۆنیەتی سەرهەڵدانی

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## کۆمەڵێ لە زانایان


وەرگێڕانی: عبد السلام محمد پشدەری

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ الشرك بالله وكيفية ظهوره لأول مرة ﴾

« باللغة الكردية »

جماعة من العلماء

ترجمة: عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە وچۆنیەتی سەرهەڵدانی

خۆشەویستان لەم بابەتەماندا بەیارمەتی خوای گەورە تیشك دەخەینە سەر هاوەڵ پڕیادان (شرك) بۆ خوای گەورە، بەئومێدی ئەوەی هەموو لایەکمان خۆمانی لێ بپارێزین چونکە ژیانی دواڕۆژمانی پێوە بەندە، خوانەخواستە ئەگەر تێی بکەوین خەسارۆمەندی دونیا و دواڕۆژیش دەبین .

گومان لەوەدا نییە کە سوود و قازانجێکی گەورەی هەیە کە مرۆڤی موسڵمان شارەزای هاوەڵ پڕیاردان و بێباوەڕی وهۆکار و وەسائل و جۆرەکانیان ببێت وبیان ناسێت، ئەمەش بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت لە شەڕ وخراپەیان و ڕزگاری بێت لە ئافاتیان، خوای گەورە زۆری پێخۆشە کە تۆ ڕێبازی هەق و ڕاستی بناسیت بۆ ئەوەی شوێنی بکەویت و خۆشت بوێت، بەهەمان شێوە پێشی خۆشە کە کوێرە ڕێگاکانی ناهەق و باتڵ بناسیت بۆ ئەوەی خۆتی لێ بپارێزیت وڕقت لێ ببێتەوە، هەروەك موسڵمان داواکراوە لێی کە ڕێگای چاکە

وخێر بناسێت بۆ ئەوەی جێ بەجێی بکات، بەهەمان شێوە داوایشی لێکراوە کە ڕێگای خراپە بناسێت بۆ ئەوەی ئاگاداری بێت ولێی درووا بکەوێتەوە، هەر لەم بارەیەشەوە لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کە حوزەیفەی کەڕی یەمان (خوای لێ ڕازی بێت) ئەلێت: "كان الناس يسألون رسول (صلى الله عليه وسلم) عن الخير وكنت أسأله عن الشر مخافة أن يدركني {البخاري المناقب (٣٤١١) ومسلم الامارة (١٨٤٧) وأحمد (٣٨٧/٥) صحيح البخاري (٧٠٨٤) وصحيح مسلم ((١٨٤٧)} واتە : خەڵکی پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەکرد دەربارەی چاکە، منیش پرسیارم لێ دەکرد دەربارەی خراپە لەترسی ئەوەی نەوەك تێی بکەوم.

عومەری کوڕی خەتابیش (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت " إنما نتقض عرى الإسلام عروة عروة إذا نشأ فى الإسلام من لايعرف الجاهلية " واتە : هەڵقەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەڵقە لەدوای هەڵقە لەبەریەك دەترازێن، کاتێك ئەگەر ئەوەی

لەسەردەمی ئیسلامدا پێگەشت بێت وهیچ دەربارەی سەردەمی نەفامی نەزانێت.

قورئانی پیرۆزیش پڕیەتی لەو ئایەتانەی کە هاوەڵ پڕیاردان و بێباوەڕی ڕوون دەکەنەوە وخەڵکی لێ ئاگادار دەکاتەوە لەترسی ئەوەی نەکەونە ناویەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پاشەڕۆژی خراپی ئەم دوو خراپە گەورەیە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئەمەش یەکێکە لەهەرە مەبەستە گەورەکانی قورئانی پیرۆز و سوونەتی پاکی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی : {وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْأٓيَٰتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ} {الأنعام : ٥٥} واتە : هەر بەو شێوەیە کەباسکرا بەدرێژیی (بەڵگەو نیشانەکان) ڕوون دەکەینەوە تا بەجوانی و ئاشکرا، حەق ڕوون بێتەوە و ڕێبازی تاوانبار و خوانەناسان دەربکەوێت و بناسرێت.

ئەوەیشی لەمەودوا باسیان لێوە دەکەین بریتیە لە هاوەڵ پڕیاردان بۆ خوای گەورە :

أ) **پێناسەکەی :**

شرك لە زمانەوانییدا بە مانای : یەکسان بوون لەنێوان دوو شتدا دێت.

لە شەرعیشدا بەدوو مانا دێت : مانایەکی تایبەت و مانایەکی گشتی .

١) مانا گشتیەکە : یەکسانکردنی غەیری خوا لەگەڵ خوای گەورە (اللّٰه) لەوەی کە تایبەتمەندی ئەوە، ئەمەش سێ جۆری لەژێردا جێگا دەبێتەوە :

**یەکەم :** هاوەڵ بڕیاردان لەپەروەردگاریەتیدا (الشرك في الربوبية) : ئەمەش یەکسانکردنی غەیری خوا لەگەڵ خوای گەورە (اللّٰه) لەوەی کە تایبەتمەندی پەروەردگاریەتیە، یان دانە پاڵێ شتێك لەم تایبەتمەندیانەی خوای گەورە بۆلای غەیر خوا، وەك ئەوەی باوەڕت وابێت غەیری خودا خالقە یان ڕۆزیدەرە یان شتێك دەهێنێتە

بوون، یان دەمرێنێت یان زیندوو دەکاتەوە، یان باوەڕت وابێت کە غەیری خودا هەڵسوڕێنەر و بەرێوەبەری ئەم گەردوونەیە .

خوای گەورە فەرموویەتی : {هَلۡ مِنۡ خَٰلِقٍ غَيۡرُ ٱللَّهِ يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ} {فاطر ط٣} واتە : ئایا بێجگە لەخوا دروست کەرێکی تر هەیە کە ڕۆزیتان بدات لە ئاسمان و زەویدا هیچ پەرستراوێك نییە بێجگە لەخوا دەی چۆن وا ڕوو وەردەگێڕن .

**دووەم :** هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە (اللّٰه) لە ناو سیفەتە جوان و ڕازاوەکانیدا (الشرك في الأسماء والصفات) ئەمەش یەکسانکردنی غەیری خودایە لەگەڵ خوای گەورە بەشتێك لەوانە، خوای گەورە دەفەرموێت : {لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ} {الشورى :١١} واتە : هیچ شتێك نییە لەوێنەی ئەو (خوا)یە، نە لەزاتیدا، نە لە سیفاتیدا، نەلە کرداریدا، بۆ خۆی تەنیایەو، لەهەموو شتێك، بێ نیازەو، هەمو شتێکیش نیازمەندە بەو، بیسەری بینایە، بەئاگایە بە ووتەی بەندەکانی، بینایە بە کاروکرداریان .

**سێهەم :** هاوەڵ پریاردان بۆ خوای گەورە لەپەرستنیدا (الشرك فی الالوهیة) : ئەمەش بەواتای یەکسانکردنی غەیری خوا لەگەڵ خوای گەورە (اللّٰه) دێت لەوەی کە تایبەتمەندی پەرستنی ئەو ذاتەیە، وەك نوێژ کردن و ڕۆژووگرتن و دوعا ونزا وپاڕانەوە وهانا وهاوار بۆ بردن وئاژەڵ بۆ سەر برین و نەزر بۆ کردن ونموونەی زۆر پەرستنی تری وەك ئەمانە ..

خوای گەورەش فەرموویەتی : {وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمۡ كَحُبِّ ٱللَّهِۖ} {البقرة :١٦٥} واتە : کەسانێکی واهەن لە خەڵکی کەهاوبەشی زۆر بۆ خوا پەیدا دەکەن وخۆشیان دەوێن وەک خۆشەویستی (ئیمانداران) بۆ خوای گەورە (اللّٰه) .

٢- مانا تایبەتیەکە : ئەوەیە کە هاوبەشێك بۆ خوای گەورە (اللّٰه) دابنێیت و هاواری لێ بکەیت وەك چۆن هاواریش دەکەیتە خوای گەورە، یان داوای شەفاعەتی لێ بکەیت ورجا وئومێدت پێی بێت وەك ئەوەی چۆن داوایش لەخوای گەورە دەکەیت و ڕجا وئومێدت پییەتی، یان غەیری خوات وەك خوای گەورە خۆش بووێت، هەر

ئەمەش دێتە بیری مرۆڤ کاتێك کە باس لە ووشـەی (شـرك) دەکرێت لەقورئان وسـوننەتدا .

ب) بەڵگەکان لەسـەر خراپە باسـکردنی هاوەڵ پڕیاردان بۆ خوای گەورە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی مەترسـیەکانی :

ئەو دەلالاتانەی کە لەدەقەکانەوە وەردەگیرێن چەند شـێوەیەکن کە باس لە خراپە باسـکردنی هاوەڵ پڕیاردان بۆ خوای گەورە دەکەن ولەهەمان کاتدا خەڵکی لێ ئاگادار دەکەنەوە لە مەترسـیەکانی و پاشـەڕۆژی خراپی موشـریکین لە دونیا و دواڕۆژدا :

١) خوای گەورە ڕایگەیاندووە کە شـیرك وهاوەڵ پڕیاردان بۆ خوای گەورە ئەو تاوان و گوناهەیە کە خوای گەورە هەرگیز لێی خۆش نابێت بە تەوبە کردن نەبێت لێی پێش مردن، وەك فەرموویەتی : {إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ} {النساء:٤٨} واتە : بێگومان هەرگیز خوا لەدانانی هاوبەش بۆی نابوورێت وخۆش نابێت، بەڵام غەیری هاوبەش پڕیاردان لەهەموو گوناهێك خۆش دەبێت بۆ هەرکەسێك کە خۆی بیەوێت.

٢) خوای گەورە وەصفی هاوەڵ پڕیاردانی بە خراپترینی ستەمەکان وەصف کردووە، وەك فەرموویەتی : {إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ} {لقمان :١٣} واتە : بەڕاستی هاوبەش دانان بۆ خوا ستەمێکی زۆر گەورەیە.

٣) باسی ئەوەی کردووە کە هاوەڵ پڕیاردان بۆخوای گەورە هەموو کاروکردەوە چاکەکان دەسڕێتەوە، وەك فەرموویەتی : {لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ } {الزمر:٦٥} واتە : ئەگەر هاوبەش بۆ خوا دابنێ ی بەڕاستی کردەوەت هەڵدەوەشێتەوە وە بێگومان لە زەرەرمەندان دەبیت.

٤) خوای گەورە وەصفی هاوەڵ پڕیاردان وا دەکات کە هاوەڵگەران بەکەم سەیری خوا دەکەن و غەیری خوای گەورە یەکسان دەکەن لەگەڵ خوادا، وەك فەرموویەتی : { قَالُواْ وَهُمۡ فِيهَا يَخۡتَصِمُونَ (٩٦) تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ (٩٧) إِذۡ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ } {الشعراء :٩٦ – ٩٨} واتە : بت پەرستان: بە (بتەکان و پەرستراوەکانیان) دەڵێن: بە ڕق و کینەوە، لە کاتێکدا کە ئاژاوەو

کێشه دەگێڕن له دۆزەخدا(٩٦) سوێند به خوا به ڕاستی ئێمه له گومڕاییەکی ئاشکرادا دەژیاین (٩٧) کاتێک که ئێوەمان دەبردە ڕیزی پەروەردگاری جیهانیانەوە و یەکسانمان دەکردن لەگەڵیدا (٩٨) .

٥) خوای گەورە باسی ئەوەی کردووە کەهەرکەسێك لەسەر هاوەڵ بڕیاردان بمرێت ئەوە بەهەمیشەیی له ئاگری دۆزەخدا دەمێنێتەوە، وەك فەرموویەتی : {إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ } {المائدة :٧٢} واته : ئەوەی شەریک و هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدات، ئەوە بێگومان خوا بەهەشتی لەسەر حەرامکردووە و شوێن و جێگاو سەرەنجامی ئاگرە، ئەوسا ئەو ستەمکارانه هیچ جۆرە پشتیوانێکیان نی یه (کەس ناتوانێت فریایان بکەوێت) .

غەیری ئەم بەڵگانەش زۆرن لەقورئانی پیرۆزدا کەباس لەخراپی ومەترسی وگەورەی تاوانی شیرك وهاوەڵ بڕیاردان دەکەن بۆ خوای گەورە (اللّٰه) .

ج) هۆكاری كەوتنە ناو هاوەڵ پڕیاردانان : بنەما وهۆكاری كەوتنە ناو هاوەڵ پڕیاردانان بۆ خوای گەورە زیادەڕۆیی و (غلو) كردنە لە پیاوچاكە مەزنەكاندا، وە سنوور بەزاندنە لەوەصف و زیادە پێدا هەڵدان ومەدح وسەنایان، خوای گەورە فەرموویەتی : {وَقَالُواْ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدّٗا وَلَا سُوَاعٗا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسۡرٗا (٢٣) وَقَدۡ أَضَلُّواْ كَثِيرٗاۖ وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا ضَلَٰلٗا } {نوح : ٢٣ -٢٤ } واتە : وتیان: خەڵكینە نەكەن واز لە خواكانتان بهێنن!! نەكەن واز لە (ودو سواع و یەعوق و نەسر) بهێنن (٢٣) بێگومان ئەوانە زۆر كەسیان گومڕا كرد، پەروەردگارا، ئەم ستەمكارانە تەنها گومڕای نەبێت هیچی تریان بۆ زیاد مەكە(٢٤) .

(ودو سواع و یەعوق و نەسر) ئەمانە ناوی پیاوچاكەكانی گەلی نوح بوون، جا كاتێك مردن و وەفاتیان مرد، هەستان لەسەر شێوەی خۆیان پەیكەریان بۆتاشین، وە بەناوی خۆیانەوە ناویانن، بەمەبستی ئەوەی بەگەورە ڕایان بگرن وهەمیشە یادیان بكەنەوە

وباسی فەزڵوچاکەیان بکەن، تا کار گەشتە ئەوەی گەلەکەی نوح دەستیان کرد بەپەرستنی ئەم پەیکەر وبتانە .

ئەوەیشی بەڵگەیە لەسەر ئەم مەسئەلەیە، ئەم ڕیوایەتەی عبد اللە ی کوڕی عەباسە (خوایان لیّ رازی بێت) کە دەلێت : " صارت الأوثان التي كانت في قوم نوح في العرب بعد أما ود كانت لكلب بدومة الجندل وأما سواع كانت لهذيل وأما يغوث فكانت لمراد ثم لبني غطيف بالجوف ثم سبأ وأما يعوق فكانت لهمدان وأما نسر فكانت لحمير لآل ذي الكلاع أسماء رجال صالحين من قوم نوح فلما هلكوا أوحى الشيطان إلى قومهم أن انصبوا إلى مجالسهم التي كانوا يجلسون أنصابا وسموها بأسمائهم ففعلوا فلم تعبد حتى إذا هلك أولئك وتنسخ العلم عبدت " {صحيح البخاري : ٤٩٢٠} واتە : بت پەرستی لەناو عەرەبدا دوای ئەوە داهات کە لەناو گەلی نوحدا پەیدا بوو، (ود) هی هۆزی دەومە الجدنل بوو، وە (سواع) هی هۆزی هوذەیل بوو، وە (یغوث) یش هی بەنی غەطیف بوو لە جۆف پاشان بوو بە هی هۆزی سەبەء، بەڵام (یعوق) هی هۆزی

هەمدان بوو، وە (نەسر) یش هی هزۆی حومەیر بوو لە بنەماڵەی (ذي الكلاع) ئەمانە هەمووی ناوی پیاوچاکەکانی گەلی نوح بوون، کاتیك مردن و تیاچوون شەیتان هات بۆلای گەلەکەیان و پێی وتن : کە یەکی پەیکەرێکیان بۆ بتاشن ولە جێگای کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا دایبنێن وناوی ئەوانیان لێ بنێن، گەلەکەی نوحیش ئەمەیان کرد، بەڵام نەیانپەرستن جا کاتێك ئەو خەلکە مردن و تیاچوون و شێوەی ئەو بتانە لەناو خەڵکیدا ناسران، دوایی ئەم پەیکەر و بتانە پەرستران.

روي ابن جرير الطبري عن محمد بن قيس عند قوله تعالى : {وَقَالُواْ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمۡ} الآية ، قال : ( كانوا قومًا صالحين من بني آدم ، وكان لهم أتباع يقتدونهم العبادة إذا ذكرناهم ، فصوروهم ، فلما ماتوا وجاء آخرون دب إليهم إبليس فقال : إنما كانوا يعبدونهم وبهم يسقون المطر فعبدوهم { تفسير الطبري : (٢٥٤/١٢)} .

واتە : ابن جريری طەبەریش ڕیوایەتی کردووە لە محمدی کوری قەیسەوە لەبارەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : {وَقَالُواْ لَا تَذَرُنَّ

ءَالِهَتَكُمْ } ئایەتەکە، دەڵێت : ئەمانە گەلێکی خواناسی نەوەکانی ئادەم بوون، کە شوێنکەوتەیان هەبوو بەشوێن ئەواندا دەڕۆشتن، جا کاتیك کە مردن شوێنکەوتەکانیان هاتن ووتیان : ئەگەر وێنەیان بکێشین ویادیان بکەینەوە زیاتر شەوق وزەوقی پەرستنی خوامان بۆ پەیدا دەبێت، بۆیە هەستان وێنە وپەیکەریان بۆتاشین، جا کاتێك ئەم خەڵکە وشوێنکەوتەکانیان مردن، شەیتان هات بۆلایان و پێی ووتن : پێشینەی ئێوە ئەم پەیکەر وبتانەیان دەپەرستن و داوای بارانیان پێ دەکردن، بۆیە ئەوانیش هەستان دەستیانکرد بەپەرستنی ئەو بتانە .

ئەمەش وای لێکردن دوو خراپەی گەورە بەیەکەوە کۆبکەنەوە :

**یەکەم :** مانەوە بەلای گۆڕەکانیانەوە .

**دووەم :** کێشانی وێنەیان وتاشینی پەیکەر بۆیان ودانایان لە شوێنی کۆڕ و کۆبونەوەکانیاندا.

بەمەش بۆ یەکەمجار بتپەرستی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا پەیدا بوو، ئەم دوو خراپە گەورەیەشی ئەوانە پێی هەستان گەورەترین هۆکاری شیرك و هاوەڵ بڕیاردانن بۆ خوای گەورە لەهەموو چەرخ وسەردەم وکات و شوێنیکدا .

خۆشەویستان بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی ئەم بابەتە بەیارمەتی خوای گەورە لە بابەتی داهاتوومانددا دێینە سەر باسی جۆەکانی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە.